Peyam

ژمارە (٦٨) دووشەممە ٢ی ڕەبیعی دووەم/ ١٤٣٢ ١٧ی ڕەشەمێ ٢٧١٠ ٢٠١١/٣/٧

خۆشەویسستی، دەوڵەمەندی، سەرکەوتن... کامیان؟ بۆچی؟ ل » ٨

دیتنا هندەك زانا هزرڤانێن ڕوژئاڤایی بۆ قورئانا پیرۆز ل » ٩

## گۆزە



# مەلاو خۆپیشاندان

سەرنووسەر

هەندێك برادەر، کە گوێیان لەوە نییە کوردستان بەرەو چ ئاقارێك دەڕوات هەر خەیکی کاری خۆیانن لە باسکردنی ئیسلامو موسڵمانان، دوێنێی موسڵمانان بە تاریك وەسف دەکەنو، پاشکۆی ڕۆژنامەکەیان تایبەت دەکەن بە قسەگوتن بە ئیسلامو موسڵمانان، نە بایان دێت نە باران، کە ئێستا لە کوردستان چ دەگوزەرێ.

ئا لەو کاتەدا مامۆستایانی ئایینی لە نواندنی هەڵوێستی جوامێرانەیان بەردەوامن، لەلایەك خۆیان دەکەنە پەرژین تا خوێنی کورد بە دەستی کورد نەرژێت، مامۆستا مەلا حەمەدەمین کەلاری خەریك بوو لە بندەستی خۆپیشاندەران بخنکێت، لە هەڵەبجە دەبنە قەڵغانی نێوان پۆلیسو خۆپیشاندەر، تا لەو نێوەدا خوێن لەسەریان دەچۆڕێ، لە سلێمانی گوللە لە ماڵیان دەگیرێتو، نامەی بە فیشەکیان بۆ ڕەوانە دەکەنو نامەی عەنتیکەی مۆبایلیان بۆ دەنێرن.

کەچی خاڵی هاوبەشی نێوان مامۆستایانی ئایینی لە هەولێرو دهۆكو سلێمانیو ناوچەکانی دیکەو کوردستان داواکردنی پاراستنی ئەمنو ئاسایشو هێمنی هەرێمی کوردستانە، لە هەموو لایەك داواکردنی مافەکان بە هەقێکی شەرعیو دروست دەزاننو، داواش لە حکومەت دەکەن بە پیریانەوە بچێت، بەڵام پاراستنی سیمای شارستانی کوردستانو، خۆدوورگرتن لە پەلامادانی بارەگا حزبیو حکومیەکانو دوورکەوتنەوە لەشەرەبەردو گوللە بە ئەرکی هەموو لایەك دەزانن.

مامۆستای ئایینی لە هەر شوێنێك بێنەگۆ بە یەك زمان قسە دەکات، ئەگەر لە بەرەی خۆپیشاندەران بێت نایەوێت خۆپیشاندەر شەرانگێز بێت، ئەگەر لە بەرەی بەرانبەر بێت نایەوێت حکومەت بێ وەڵام بێت، گرنگ بەلای ئەوانەوە دڵخۆشکردنی هاوڵاتیو بەرەوپێشبردنی ئەزموونی کوردستانە.

لە هەمووشی دیاتر، وێرای ئەوەی چەند قەڵەمێك هەر خەریکی قسەگوتنن بە ئیسلام، بەڵام مامۆستایان لە ئاستی بەرپرسیارێتی دانەو، نایانەوێت لەو کاتەدا هەستی بریندارى خەڵکی بەرانبەر دینیان بجولێنن.

ئایا ئەوانە هەموویان بەرزترین پلەی نیشتیمانپەروەری نییە، کە مامۆستایانی ئایینی دەینوێنن، بۆیە بە دڵنیاییەوە مامۆستایانی ئایینی لەو کاتە ناسکەی کوردستان جوانترین ڕۆڵیان دیت، پێم وایە خەڵکیش گەییشتە دڵنیایی کە مامۆستایانی ئایینی چەندە غەمخۆری کوردستانن.

## ڕادیۆی ژیان
# ناوی دەگۆڕدرێ بۆ دەنگی زانایان

دوای ئەوەی ماوەی چەند ڕۆژێك پەخشی ڕادیۆی ژیان دەنگی یەکێتی زانایان وەستا، شێخ ئاوات نەقشبەندی بەڕێوەبەری ڕادیۆی ژیان تایبەت بە سایتی (زانایان) گووتی:ئێمە لەبەر ئەوەی شوێنی ڕادیۆکەمان دوور بوو لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، بەمەش گرفتی بێ کارەباییمان هەبوو، هەروەها بۆ میوانان هەندێك زەحمەت بوو، بۆیە مامۆستایان پێیان باش بوو بیگوازینەوە ناو بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، ئێستا گواستمانەتەوە ناو بارەگاو، هیچ گرفتمان نەماوە.

نەقشبەندی لە درێژەی قسەکانی گووتی: نیازمان هەیە، لە داهاتوودا پەخشەکەی ببێتە سەرتاسەری لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بۆیە مامۆستایانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بڕیاریاندا ناوەکەی لە ڕادیۆی (ژیان) بگۆڕن بۆ ڕادیۆی (زانایان)، چونکە یەکێتی زانایان سایتەکەشیان هەر بە ناوی (زانایان)ەو، بۆیە هەر شتێك لە بواری ڕاگەیاندنەوە بیکەن لە ژێر ئەم ناوە دەبێت.

## شێخ سوهەیبی ئەمریکی:
# داوا دەکات زانایان بخوێننەوە



لەبەرنامەیەکی تایبەتی کەناڵی (إقرأ)دا، ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢١ کە لەگەڵ کەسایەتی دیارو زانای بەناوبانگی ئەمریکی شێخ سوهەیب ئەمریکی سازیدابوو، ناوبراو تیشکی خستە سەر چەندین لایەنە پڕ حیکمەتەکانی ئیسلامو هەڵوێستی جوانی زانا پایە بەرزەکانی سەردەمە یەك لە دوای یەکەکانی موسڵمانان.

دواتر زۆر بە پەرۆشەوە، ڕەخنەیەکی هێمنانەی ئاراستەی زانایانی عالەمی ئیسلامی کرد، بەوەی خوێندنەوەیان کەمەو وەك پێویست نەیانتوانیوە لەژیانو مێژوو دڵسۆزیو بەرهەمی زانایان کەڵك وەربگرن، ئەو پێی وابوو مادام ئەو کەرەستە زۆرو مێژوە پڕ لە زانایە هەیە، دەبوا ئێستا زێتر لەوڵاتە ئەوروپیو ئەمریکییەکان، وڵاتانی موسڵمانان پێشکەوتووتر بوان.

ئەو زانایایە داواشی کرد، کە زانایانی ئایینی لە هەر کوێ هەن، بایەخی زیاتر بە خوێنەوەو فەلسەفەی ئیسلامو هەڵکەوتوویی زانایانی پێشوو بدەن، بۆ ئەوەی فەرهەنگو کاری بانگخوازی ئێستای پێ دەوڵەمەندتر بکرێ.

جێی ئاماژەیە شێخ سوهەیبی ئەمریکی لەدایكو باوکێکی بەڕەگەز ئەمریکیو نەسرانیەو، هەر لەگەنجیەوە موسڵمان بووەو، بۆ خوێندن ڕووی کردۆتە زانکۆی ئەزهەرو، بەرگی ئەزهەریەکان دەپۆشێ، لەشارەزاییو کاری نوسینو بانگخوازیشدا ڕۆڵی گەورەو دیاری هەیە، بەهەردوو زمانی ئینگلیزیو عەرەبی قسەدەکاتو ئێستاش سەرقاڵی خوێندنی زیاترە لەوڵاتی میسردا.

## گەورە ئەکتەرو هونەرمەندی ئەمریکا
# ( پاریس هیلتۆن ) موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند



بەپێی سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکا، گەورە ئەکتەرو نمایشکاری جلوبەرگو گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەمریکی (پاریس هیلتۆن) دوای ململانێیەکی زۆری لەگەڵ دونیای پڕ لە مەستیو سەرخۆشیو نێوبانگی زۆرەوە موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند.

ئەم خانمە یەکێکە لە کەسایەتییە دەوڵەمەندەکانی ئەو وڵاتەو لەساڵی (١٩٨١) لەشاری نیۆیۆرك لەدایك بووە، کچی گەورە سەرمایەداری ئەمریکی ( ریتشاردو کانی هیلتۆن)ە، ئێستاش خاوەنی زنجیرە هوتێلی هیلتۆنە.

پاریس لە ڕابردوودا تووشی زۆر کێشە هاتۆتەوە لەگەڵ دادگادا بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی سەرخۆشکەرو مەی لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا، هەروەها بەتۆمەتی بەکارهێنانی حەشیش، کە ماددەیەکی سەرخۆشکەرە لەکاتی جامی جیهانی (٢٠١٠) لەئەفریقیا لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە دەست بەسەرکرا بۆ ماوەی (٤٥) ڕۆژ.

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی نزیك لەو خانمە دوای هاتنە نێو دونیای ئیسلامەوە بڕیاری داوە ناوی خۆی لە (پاریس)ەوە بگۆڕێ بۆ (گاهیرە)، هەر بۆ سەلماندنی موسڵمانبوونی خۆی بۆ هەوادارانی هەڵساوە بە دروستکردنی قوتابخانەیەکی تایبەت بەبواری زانستە ئیسلامییەکانەوە، کە بڕیارە لەمانگی یولیو لەنێوەڕاستی شاری (بیڤیرلی هیلس) لە لۆس ئەنجلوس دەرگای بەڕووی فێرخوازاندا بکرێتەوە.

# ڕوسیا : لە گرتوخانەکان شوێنی نوێژکردن دابین دەکرێت



بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (ریاز)ی سعودی، یەکێك لەگرتووخانە بەناوبانگەکانی مۆسکۆ بەناوی گرتوخانەی (بوتیرکا) هەڵساوە بە کردنەوەی شوێنی نوێژکردن بۆ هەموو ئەو موسڵمانە گیراوانەی لەو گرتووخانەیەدان.

بەپێی هەواڵەکەش دابین کردنی شوێنی نوێژکردن لەو گرتوخانەیە لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی موفتیەکانی ئەو وڵاتە بەڕێوە دەچێت، هەروەك لەکاتی کردنەوەی ئەو شوێنە تایبەتەدا، شێخ (ئیلدار عەلائەددین) سەرۆکی ئیمامەکانی مۆسکۆ ڕایگەیاند: کردنەوەی شوێنی نوێژ کردن لەناو سجنەکاندا، دەرفەتێکە بۆ بۆ گیراوان، کە دروشمی ئایینی تێدا ئەدا بکەن، لەهەمان کاتدا هەلێکیشە بۆ دروستکردنەوەو باشتر کردنی کەسایەتی ئەو گیراوانە، بەشێوەیەك زیاتر لەسەر ڕەفتاری جوان ڕابهێندرێن.

لەلایەن خۆشیانەوە سەرپەرشتیارانی ئەو گرتوخانەیە، کردنەوەی شوێنێکی لەو چەشنە بە باش دەزانن، بۆ گێڕانەوەی متمانەی دەروونی بۆ هەموو ئەوانەی لەو گرتووخانەیەدا ژیان بەسەر دەبەن.

# سوودە تەندروستییەکانی دەستونوێژ



بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی، کە پسپۆڕانی زانکۆی عەرەبی ئیسلامی ئەنجامیان داوە سەبارەت بە دەستونوێژ، بۆیان دەرکەوتووە، کە ئەوانەی ڕۆژانە پێنج جار دەستونوێژ هەڵدەگرن، دەمو لوتیان لە میکرۆبو خۆڵو پاشماوەی زیاد پاکترە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی دەستونوێژ هەڵناگرن.

توێژینەوەکە ئەوەشی دەرخستتوە، کە ئەوانەی دەستونوێژ هەڵناگرن ئەگەری توشبونیان بە میکرۆبی نێو لووتو دروست بوونی برینی نێوان پەنجەکانی زیاترە، کە بەهۆی ئەو ماددە کیمیایانەی کۆدەبنەوە، نەخۆشیەکان سەر هەڵدەدەن، ئەمەش لەو کەسانە بەدوورە کە دەستونوێژ هەڵدەگرن.

ئەوەشیان ڕوون کردۆتەوە، کە دەستونوێژ گرژیەکانی دەماری مێشك کەم دەکاتەوەو، کە ئەمە هۆکاریشە بۆ بەهێز بوونی زاکیرەی مرۆڤ.

ئەوەش ئاماژەیە بە پاداشتی بەجێگەیاندنی فەرمانی خودا، کە خێری وا گەورە بەدوای خۆیدا دێنێتو، خۆشی لەدوای خۆشی بەدەروونمان دەبەخشێ، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین.

ئەو ڕێبازە پیرۆزە بەرەو سەرکەوتنو بەرزی دەمانبات، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا).

# بەریتانیا : بە پێی لێکۆڵینەوەیەك ئەوانەی تازە موسڵمان بوون ڕۆڵێکی باش دەگێڕن

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لەوڵاتی بەریتانیا، کە تایبەت بووە بەو کەسانەی لەو چەند ساڵەی دواییدا موسڵمان بوونە دەرکەوتووە، کە ئەم موسولمانانە ڕۆڵێکی کاراو بەرچاویان هەیە بۆ بەدواداچوونو ڕاستکردنەوەی زۆرێك لەو چەمكو تێگەیشتنە هەڵانەی سەبارەت بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کراون.

هەروەها لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەش بەو ئاستەنگو تەگەرانە کراوە، کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم کەسانی تازە موسڵمان بوو، بە پلەی یەکەم ئەندامانی خێزانی ئەو کەسەو بەپلەی دووەمیش کەمی ڕێژەی ئەو سەنتەرو لایەنانەی تایبەتن بە چاودێری کردنیانو پاراستنیان.

هەر سەبارەت بۆ ل١١

# ئەرژەنتین : حکومەت ڕێگە بەئافرەتانی موسڵمان دەدات جلوبەرگی شەرعی بپۆشن



حکومەتی ئەرژەنتینی پرۆژە یاسایەکی بڵاوکردەوە، کە تیایدا ڕێگە بەئافرەتانی موسڵمان دەدات، کە بەرگی ئیسلامیانە بپۆشنو ئازادن بە لەبەر کردنی هەر جۆرە جلوبەرگێکی ئیسلامی، ئەوەش بەپشت بەستن بەو پرۆژە یاسا نوێیەی حکومەت لە (بیونوس ئایرس)، کە بەپێی ئەو یاسا نوێیانە موسڵمانانی ئەرژەنتینی ئازادییەکی زیاتریان پێدەدرێت لەلەبەرکردنی جلو بەرگی تایبەتیو ئیسلامیانەی خۆیاندا.

لەلای خۆشیانەوە موسڵمانانی ئەرژەنتینی خۆشحاڵی خۆیان بۆ دەرکردنی ئەو یاسایە دەربڕیو، پێیان وابوو کە بڕیارێکی زۆر باشو تەواوی حکومەتی وڵاتەکەیانەو، بەیەکێکیش لەسەرکەوتنەکانی موسڵمانانیان ناوزەد کرد لەئەرژەنتین.

ئەمەش دوای ئەوە هات، کە موسڵمانانی ئەرژەنتینی داوایەکیان بۆ حکومەتی وڵاتەکەیان بەرز کردبووەوەو، تیایدا داوای پرۆژە یاسایەکیان کردبوو، کە ڕێگەیان پێبدرێت بتوانن لەشوێنە گشتیەکاندا جلو بەرگی باڵاپۆشیو ئیسلامیانە لەبەر بکەن، کە پێشتر لەسەریان قەدەغە بوو.

# گەنجێکی سویدی موسڵمان دەبێت

لەو چەند ڕۆژەی دوایی، گەنجێکی سویدی بەناوی (نیکلاس لاندیرها)، تەمەن ٢٠ ساڵ موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاندو، ناوی خۆی گۆڕی بۆ عەبدولحەکیم، کە لەگەڵ دایکیو سێ خوشکی بچوکی لەشاری ئیسکلیستونا ژیان بەسەر دەبەن.

ئەم گەنجە دەڵێت: پێش موسڵمان بوونم لەژیانمدا هەستم بە بۆشایەکی دەرونی دەکرد هەرچەند کەسێکی چالاك بووم لەنێو ئاینی نەسرانی، لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە هەستم بە نەبوونی شتێکی گرنك دەکرد، کە ئەویش پەرەدەیەکی تاریك بوو لەسەر دڵو گیانو ژیانم، هەرچەندە لەسەر ئاینی مەسیحی بووم، بەڵام هەرگیز باوەرم بەوە نەبووە کە پیغەمبەر عیسا کوری خوا بێت.

